ئایا هێرشی ئیسلامیەکان لەپێناوی خوادا بووە؟

د.کامل ئەلنەجار
و: ئەحمەد فاتیح مەحمەد

لەمێژووی ئیسلامدا خوێندومانە کەلەشکرە عەرەبیەکان هەموو فەرمانرەواکانی دەوروبەریان رامالّی، لەمانەدا هیچ ویستێکیان نەبوو تەنها شەهادەت نەبێ لەپێناوی خواو جیهادکردن نەبێ بۆ بەرز راگرتنی قسەی خودا. وەلێ خوداش پێی وتون: (أنفروا خفافا و ثقالا و جاهدوا بأموالكم و أنفسكم فى سبيل الله ذلك خيرلكم إن كنتم تعلمون)(التوبة٤١).

لەحەدیسی (أنس ابن مالک)یشدا هاتووە کەپێغەمبەر دەڵێت (جاهدوا المشركين بألسنتكم و أنفسكم و أموالكم و أيديكم)، ئایا هەر بەراستی پەلامارەکان لەپێناوی خوادا بووە؟ لەسەرەتای کاتی پێغەمبەر لەمەدینەدا پەلامارەکان بەرێگا گرتن لەکاروانەکانی قورەیش دەستی پێکرد بۆ دابین کردنی پارەی پێویست بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مەدینە، تیایدا پەلامارادانی بواگ لەیەکەمین پەلامارادانەکان بوو، (أبن كثير) لەکورتەی (سیرەدا) دەڵێ: مەبەست لەم پەلامارادانە رێگا گرتن بوو لەکاروان ئەسپەکانی قورەیش کەأمیيە بن خلف و سەد پیاوو دوو هەزارو پێنج سەد وشتری تێدابوو. پاشان دەستەی عبدللەبن جحش هات کەدوودیل و ژمارەیەک وشتریان گرت کەپێنج یەکیان دایە پێغەمبەر، ئەوەی مایەوە لەنێوان خۆیاندا دابەشیان کرد. ئینجا پێغەمبەر گوێبیستی ئەوەبوو کە ئەبوسوفیان لەشامەوە بەپارەی قورەیشەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە بەموسوڵمانەکانی گوت ئەوە کاروان ئەسپەکانی قورەیشە کەپارەکانیان تێدایە، بۆیان وەرنە دەرەوە، بەڵکو خوایە ئەنفالیان بکەین.

لەدوایدا موسوڵمانەکان هاتنە سەر یەهودەکان و پەلاماری (بەنی قەینوقاع)یان دا، ئینجا بەنی قورەیزو بەنی موصتەلەق ئینجا پەلاماری یەهودەکانی خەیبەرو وادی قورایاندا. لەهەموو ئەو یەهودانە پێنج شەش کەس رزگاریان بوو تا پارێزگاری لەسامانەکانی خۆیان بکەن.

بەم جۆرە موسوڵمانەکان دەستیان بەسەر سامانی یەهودیەکاندا گرت دوای ئەوەی لەمەدینەوە دەریان کردن و کوشت و بڕیان کردن، هەموو ئەم پەلامارانە ژمارەی موسوڵمانانی زیاد نەکردو ئاینی نوێی بڵاو نەکردەوە. بەڵام موهاجیرەکانی دەوڵەمەند کردئەوانەی بۆمەدینە هاتبوون و هیچ دەست مایەیەکیشیان نەبوو. وەلێ رەنگە موسوڵمانەکان رازی بووبن بەو پارەیەی لەقورەیش و یەهودیەکانیان سەندووە، بەڵام ئارەزوویان بۆ پەلاماردان زۆر نەبوو. بەڵام پێغەمبەر دنەیدان بۆ پەلاماردان، بەڵام خاوەخاوییان تێداکرد، دوایی ئەم ئایەتە دابەزی: (ياأيهاالذين أمنوا مالكم إذا قيل لكم أنفروا أثاقلتم الى الارض) (التوبة ٣٨) (ألا تنفروا يعذبكم الله عذابا أليما و يستبدل قوما غيركم) (التوبة ٣٩). لێرەدا دەبینی کەموسوڵمانەکانی سەرەتا جیهاد کردنیان لەپێناوی خوادا مەبەست نەبووە، چونکە پارەو خورماو خانوی یەهودییان دەست کەوتبوو کەبەمەش رازی ببوون. بەڵام کاتێک هەوڵەکانی پێغەمبەر سەرکەوتوو نەبوو بۆ وروژاندنیان بۆ جەنگ، خوا ئەم ئایەتانەی بۆ دابەزاندن کەجەنگی بەسەریاندا فەرز کرد وەک (كتب عليكم القتال وهو كره لكم و عسى أن تكرهوا شيئا وهو خيرلكم) (بقرە ٢١٦)و پێغەمبەریش پێی وتون: (من مات و لم يغز مات على نفاق). لەدوایدا سەردەمی خەلیفەکانی راشدین هات کەموسوڵمانان دەستیان کرد بەقەتم کردنی وڵاتانی دراوسێی وەک شامو وڵاتی فارس کەموسوڵمانان بڕێک لەپارەو کۆیلەیان بەتاڵانی دەست کەوت کەبەبیریاندا نەدەهات، دەڵێن خەلیفە عومەر کاتێک پارەی لەوڵاتی فارسەوە بۆ هات بەموسوڵمانانی وت: (پارەی زۆرمان بۆ هاتووە، ئەگەر ویستان بەژمارە بۆتان دەژمێرین و ئەگەر ویستان بۆتان دەکێشین) (البلاذری، فتوح البلدان ص ٥٠٥). خەلیفە عومەر بۆ هەریەک لەژن و پیاو بەشێکی دیاریکراوی لەپارە بۆ دانان، تەنانەت منداڵی تازە لەدایک بووش بەشی بۆ فەرز کردن. بەڵام کاتێک حکومەتێکی پێشکەوتوو بوونی نەبوو کەخەرجیەکانی سوپا بگرێتە ئەستۆ، هەندێک لەموسوڵمانان دەستیان بەقەرزکردنی پارە کرد بەمەبەستی خۆ سازدانیان بۆ پەلاماردان تاکو ئەگەر گەرانەوە دەستەبەری بڕێکی گەورە لەتاڵانی بکەن کەتوانای قەرزدانەوەیان هەبێت و کەنیزەشیان بۆ دەستەبەر بکات. موبەرد لە (الكامل فى التاريخ، ج٢ ص٢٨٦)دا دەڵێت کە (بكير بن وساج) کاتێک خۆی بۆ پەلاماردانی پشت دەریا ئامادە کرد خەرجیەکی زۆری خەرج کردو تیایدا قەرزداریش بوو. هەر لەسەرەتاشەوە دیاربوو کەتاڵانی پاڵنەری بەهێزی بەشداری کردن بوو لەو پەلامارادانەدا، (أبن كثير)یش دەڵێ کە هاوەڵانی پێغەمبەر لەرۆژی (بەدر)دا لەسەر تاڵانی تێکچون، چونکە ئەو دەستەیەی پارێزگاری پێغەمبەریان دەکرد لەوانەش (سعد بن معاذ) دەڵێن ئەمان مافی ئەو تاڵانییەیان هەیە، بەڵام دەستەی دووەم کەلەگەڵ کافرەکاندا دەجەنگان دەڵێن ئەمان مافی ئەو تاڵانییەیان هەیە، چونکە ئەمان سەرکەوتوو بوون. (عباده بن الصامت) دەڵێت کەئایەتی ئەنفال لەرۆژی بەدردا بۆیان دابەزیوە (کاتێک لەسەر تاڵانی تێکچووین و تیایدا رەوشتمان خراپ بوو، خوا لەدەستمانی سەندو بەپێغەمبەری دا) هەروەها لەرۆژی جەنگی (ئوحود) کاتێک پێغەمبەر هەندێک لەهاوەڵەکانی ئاگادارکرد کەلەسەر ئەو گردە بوەستێت و کافرەکان تیرهاوێژ بکەن و فرمانی پێدان شوێنەکانیان جێ نەهێڵن، تەنانەت ئەگەر موسوڵمانەکانیش سەرکەوتن. وەلێ بەراستی موسوڵمانەکان لەسەرەتادا سەرکەوتن و کافرەکانیش دەستیان بەپاشەکشێ کرد، ئەوانەی لەسەر گردەکە بوون ترسیان هەبوو تاڵانیەکانیان لەدەست بچێت، بۆیە لەگردەکە دابەزین و تاڵانییان کۆکردەوە، بەڵام هەلومەرجەکە هەڵگەڕایەوەو موسوڵمانەکان شکستیان هێناو لەدەوری پێغەمبەر هەڵاتن و بەردێکیان بەدەموچاوی پێغەمبەردا کێشاو توشی خوێن بەربون هات.

پەلامارادانەکان بەردەوام بوون، (عمرو بن العاص) ساڵی ٢٠ی کۆچی پەلاماری میسریدا، پارەو کەنیزەکێکی زۆریان بەتاڵان برد، (عبدالله بن سعد) هەوڵیدا پەلاماری (النوبە) بدات بەڵام سەرکەوتو نەبوو بەس توانی پەیمانی لەگەڵدا ببەستێت کەساڵانە ژمارەیەک لەکۆیلە بدەن بەموسوڵمانان. (عبدالله بن سعد)یش پەلاماری باکوری ئەفریقیایدا کەپارەیەکی زۆرو کەنیزەکی بەتاڵان دەست کەوت و تەنانەت پیاوێک لە موسوڵمانان بەشەکەی ١٠٠٠ دینار بوو ئەگەر پیادە بوایەو ٣٠٠٠ دینار بوو ئەگەر ئەسپ سوار بوایە (شذرات الذهب للدمشق). (عثمان بن عفان)یش پێنج یەکی ئەنفالی ئەفریقیای بە (عبدالملک بن مروان) بەخشی، ئەو پێنج یەکەی خوا بۆ هەژارانی فەرزکردبوو. بەم جۆرە پەلاماری موسوڵمانەکان بەردەوام بوو تا کۆتایی دەوڵەتی عەباسی کەچوونە هندو وڵاتانی فارس و باشوری چین و سامانێکی زۆریان بۆ کۆبۆوە کەئەستەم بوو وێنای بڕەکەی بکەن تەنانەت هاوەڵەکانی پێغەمبەر کەکۆکردنەوەی موڵکیان لێ حەرام کرابوو کاتێک لەقورئاندا هاتووە (و الذين يكنزون الذهب و الفضة و لاينفقونها فى سبيل الله فبشرهم بعذاب أليم يوم يحمى فى نار جهنم فتكوى بها جباههم و جنوبهم و ضهورهم هذا ماكنزتم لانفسكم فذوقوا ما كنتم تكنزون) موڵکێکی گەورەیان کۆکردۆتەوە لە (طبقات ابن سعد) کەیەکێکە لەباوەر پێکراوترین سەرچاوەکان لەمێژووی سەرەتای ئیسلامدا هاتووە سامانی (زبير بن العوام) گەیشتۆتە (٥٢) ملیۆن درهم لەپارەی نەختینە هەروەها موڵکی لەمیسرو ئەسکەندەرییەو کوفەو بەسرەو مەدینەش هەبووە، خەلیفە عوسمانیش ئەو رۆژەی کۆژرا لای خەزنەدارەکەی بڕی ٣٠ ملیۆن درهەمو ١٥٠ هەزار دیناری هەبوو، عبدالرحمن بن عوفیش ١٠٠٠ وشترو ٣٠٠٠ شبایو ١٠٠ ئەسپو کێڵگەیەکی جێهێشتبوو کەبە (٢٠) سەر ئاژەڵ ئاو دەدرا لەگەڵ ئاڵتونی لەقاڵبدراو، مەسعودی دەڵێ لەدوای کۆچی دوایی خەلیفە عومەر چەندین ئاڵتونی قاڵبی خستە رووی کۆری خەلیفە عوسمان و لەسەر زەوی دانران هێندە زۆربوون کەدانیشتوانی ئەم دیوو ئەو دیوی کۆرەکە لەیەکتر دیار نەمابوون لەبەر بەرزی ئەو قاڵبە ئاڵتونانە. هەروەها کۆی داهاتی گلحە بەتەنها لەعێراق ١٠٠٠ درهەم بوو لەرۆژێکداو بری ٣٠ ملیۆن درهەمی لەموڵک و ماڵیش بەجێهێشت. ئەو چوارەش لە (العشرة المبشرين بالجنة)ن، کەئەوانەش لەسەحابە پێشرەوەکانن. خاوەنی العقد الفريديش دەڵێ: ابن عباس پۆشاکێکی بەهەزار درهەم لەبەر دەکرد (قاموس التراث، هادى العلوى). ئەوەی جێگەی سەرسورمانە هەموو ئەو وڵاتانەی موسوڵمان بەزۆر فەتحیان کردووە، پیاوەکانیان کوشتووە و سوکایەتییان بەژنەکانیان کردووە، لەسەر ئیسلام و بەرز راگرتنی قسەی خودا مساوەمەیان کردووە، دەڵێن ئەبوبەکر ئامۆژگاری کردوون کەلەماڵێک دابەزین ئیزن بخوازن ئەگەر ماڵەکە رێی پێدان وازیان لێ بهێنێت ئەگەر رێی پێنەدان بیان کوژن و تاڵانیان بکەن (الكامل فى التاريخ). دەڵێن ابن عامر کاتێک (اصطخر)ی فەتح کرد ١٠٠ هەزار کەسی کوشت (فتوح البلادان البلاذرى، ص ٤٢٣)و محمد بن قاسم ٢٦ هەزار هندی لەرۆژێکدا کوشت (هەمان سەرچاوە ص ٤٨٧)، بەڵام ئەو وڵاتانەی کەخەڵکەکەی بەبێ شەر خۆیان بەدەستەوە دا جزیەو خەراجیان بەسەردا فەرزکردن و کەنیزەکیان لێ وەرگرتن و

موسوڵمانەکان دەستیان بەسەر سامانی یەهودیەکاندا گرت دوای ئەوەی لەمەدینەوە دەریان کردن و کوشت و بڕیان کردن، هەموو ئەم پەلامارانە ژمارەی موسوڵمانانی زیاد نەکردو ئاینی نوێی بڵاو نەکردەوە. بەڵام موهاجیرەکانی دەوڵەمەند کرد ئەوانەی بۆ مەدینە هاتبوون و هیچ دەست مایەیەکیشیان نەبوو

سامانی (زبير بن العوام) گەیشتۆتە (٥٢) ملیۆن درهم لەپارەی نەختینە هەروەها موڵکی لەمیسرو ئەسکەندەرییەو کوفەو بەسرەو مەدینەش هەبووە، خەلیفە عوسمانیش ئەو رۆژەی کوژرا لای خەزنەدارەکەی بڕی ٣٠ ملیۆن درهەمو ١٥٠ هەزار دیناری هەبوو، عبدالرحمن بن عوفیش ١٠٠٠ وشترو ٣٠٠٠ شبایو ١٠٠ ئەسپو کێڵگەیەکی جێهێشتبوو کەبە (٢٠) سەر ئاژەڵ ئاو دەدرا لەگەڵ ئاڵتونی لەقاڵبدراو

مەرجی ئیسلام بوونیان بەسەردا سەپاندن، بەڵام باج و خەراج هیلاکی کردبوون، کاتێک خەلیفە هیشام (عبدالله السلمى)ی کرد بەوالی لەسەر خراسان و بانگەوازی لابردنی باجی کرد لەسەر ئەوەی دەبێت بەموسوڵمان، بەخێرایی بوونە ئیسلامو خەراجیان لەسەر نەما (البلاذرى، ص ٤٧٥). بەڵام ئەمە خەلیفە هیشامی تورە کرد چونکە باج و خەراج دوو سەرچاوەی سەرەکی داهاتی خەلیفە عەباسیەکان بوو کەسامانەکەیان لەسەرو وەسف کردنەوە بوو، تەنانەت سامانی قازی وژنەکانیشیان.

دەڵێن خەلیفە معتصم لەوە زیرەکەی فضل بن مروان تورە بوو ١٠ هەزار دیناری لێ وەرگرت و نەفیشی کرد (شذرات الذهب للدمشقى) باج لەبڵاوکردنەوەی ئیسلام گرنگتر بووە، چونکە عومەری کوری خەتاب دەڵێت (ومن نعم الله عليكم نعم عم بها بنى ادم، ومنها نعم أختص بها أهل دينكم، ثم صارت تلك النعم خواصها و عوامها فى دولتكم وزمانكم وطبقتكم و ليس من تلك النعم نعمة وصلت الى امرىو خاصة إلا لو قسم ما وصل اليه منها بين الناس كلهم أتعبهم شكرها إلا بعون الله مع الايمان بالله ورسوله، فأنتم متخلفون فى الارض قاهرون لاهلها، نصر الله دينكم، فلم تصبح أمه مخالفه لدينكم إلا أمتان أمة متعبده للاسلام وأهله أيجزون لكم، يستصفون معاليتهم وكدائهم ورشح جباهم، عليهم المؤونه ولكم المنفعه، وأمه تنتظر وقائع الله وسطواته فى كل يوم وليله، قد ما الله قلوبهم رعبا ، فليس لهم معقل يلجؤون اليه ولامهرب يتقون به) (الطبرى، ج٢، ص٥٧٤). خەلیفە عمر بەموسوڵمانان دەڵێت ئەو گەلانەی جیهان کەلەژیاندان یان دەبێت زەحمەت بکێشن و عارەق بڕێژن بۆ ئەوەی باجتان پێبدات یان بەزۆر فەتحیان بکەن و بیان کوژن بۆیە ئەوان بەبەردەوامی لەترسدان، وەلێ خەلیفە عمر بەموسوڵمانانی نەوتووە لەسەر خۆبن و ئاینی ئیسلام لەوڵاتانی تری جیهاندا بڵاوبکەنەوە. لەبەرگرنگی باج لای موسوڵمانان (حجاج بن يوسف) بۆیە پەلاماری کوری مامەکەی محمد بن القاسم بۆ هند ٦٠ هەزار هەزاری خەرج کردووە لەدوایدا ١٢٠ هەزار هەزاری بۆ گەراوەتەوە بۆیە گوتویەتی ((رق و كينەی خۆمان دامرکاندەوەو تۆڵەکەی خۆمان کردەوە ٦٠ هەزار هە زاریشمان زیاد کرد)) (فتوح البلدان). نە حجاج و نە محمد بن قاسم هەوڵی ئەمەیان نەدا هندییەکان بکەن بەئیسلام چونکە ئەو کارە باج و خەراجی نەدەهێشت. ئەگەر ئەو پەلامارانەی عەرەب لەپێناوی خوادا بووە بۆچی موسوڵمانەکان دیلەکانی خۆیان کوشتووەو هەوڵی ئەوەیان نەداوە بیانهێننە ناو ئاینی نوێوە.

بۆچی سوکایەتییان بەژنان دەکرد وەک موڵکی خۆیان سەیریان دەکردن لەبری ئەوەی ئیسلامیان تێ بگەیەنن و ئازادیان بکەن؟ تەنانەت خەلیفە ئەبوبەکر کاتێک جەنگی (الردة)ی دەست پێکرد بۆ گەراندنەوەی عەرەبە هەڵگەراوەکان لەئیسلام، پیاوەکان دیلکران و سوکایەتی بەژنان کرا کردنیان بەموڵکی خۆیان تا خەلیفە عمر هات پیاوەکانی ئازاد کردو ژنەکانیشی بۆ پیاوەکانیان و خێڵەکانیان گەراندەوە. لەهیچ کتێبێکی مێژووی ئیسلامدا نەمانخوێندووە موسوڵمانان وڵاتێکیان فەتحکردبێت بریاری ئەوەیاندابێت خەڵکەکەی ئیسلام بکەن لەرێگەی مژدەهێنانەوە، چونکە ئەوان هەمیشە مەرجیان خەراج و شمشێر بووە. ئەمەش لەو وڵاتانەدا وەدیار دەکەوێت کەموسوڵمانان فەتحیان کردووە بەزۆر وەک ئەندەلوس کەخەلیفەکان گرنگیان بەدروستکردنی کۆشک و پاشان جەنگی نێو خۆیان زیاتر لەگرنگی دانیان بەبڵاوکردنەوەی ئیسلام داوە. لەدوای ئەوەی موسوڵمانان ٨٠٠ ساڵ لەئەندەلوس مانەوەو چونە دەرەوە، خەڵکەکەی گەرانەوە بۆ مەسیحیەتی خۆیان، هەروەها وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات کەتورکەکان فەتحیان کردووەو ٤٠٠ ساڵ تیایدا مانەوە، بەڵام سەرکەوتو نەبوون لەچاندنی تۆوی ئیسلام بێ لەبۆسنەو ئەلبانیا.

هەمان شت بەسەر دورگەی دەریای سپیدا جێبەجێ دەبێت وەک قوبرس و صقلیەو قودس، هەموو ئەمانە بەدوای شکستهێنانی موسوڵمانان گەرانەوە بۆ لای ئاینی مەسیحی خۆیان. تەنانەت لەرۆژگاری ئەمرۆماندا دەبینین کاتێک موجاهیدەکان کەسێکی مەسیحی لەعێراقدا دەفرێنن داوای ئەوەی لێ ناکەن بڕوا بەئیسلام بێنێت، بەڵکو داوای پارەیەکی خەیاڵی لێ دەکەن کەتاکەکان توانستی هەڵسورانی ئەو بڕە پارەیەیان نییە. لەم گیرانەوەیەدا روون دەبێتەوە کەپەلامارداران و جیهاد لەپێناوی خواو بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی نوێ نەبووە، بەڵکو بۆ پارەو کەنیزە بووە، ئیسلام بەرێگەیەکی ناراستەوخۆ بڵاوبۆتەوە بەمەبەستی نەدانی باج و خەراج.■

تیرۆر.. ئەزمونی کوردستان و یەکپارچەیی خاکی عێراق

ناسح حەمە حسین×

هەندێک جار بیرمەندان و پسپۆرانی بواری یاسا سزاییەکان (القوانين العقابيه) لەکاتی رودانی تاوان و دەست درێژییەکانداو لەمیانەی کارکردنی دەزگاکانی پۆلیس و لێکۆڵەرەوەکاندا، دەگەنەئەو بروایەی کەکەسی تاوانبار گەلێ جار تاکتیک و پلانەکانی لەسەرو پێشبینی و یاساکانەوەن، بۆیە هەندێ تاوانکاریی هەیە بەگران ئەنجامدەرانی دەدۆزرێنەوە یاخود هەر پەیان پێنابرێت.

لەسەر ئەو بنچینەیە (دیاردەی تیرۆرو تیرۆریستان) هێندە کاریگەرن و پلانی تاوانکارییان ئەمەندە زۆرە، ئەرکی رووبەرووبونەوەو بەرەنگاری لەبری لایەک هەمەلایەن دەکەن.

تیرۆر، ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی، کەخەسڵەتە گشتیەکانی، بەبێ رۆچونە نێو ناوەرۆکەکەی بریتین لە:

١- چاندنی ترس و دڵەراوکێ و تۆقاندن.
٢- قۆستنەوەی هەل.
٣- نادیاری شوێن و سەرچاوەکانی.
٤- ئاستەنگی لەرێگریيان.
٥- نادیاری ئامانج.
٦- خستنەوەی زۆرترین قوربانی.
٧- بەکارهێنانی سنوری فراوان.

هەربۆیە هەڵەیە گەر بڵێین؛ رووبەرووبونەوەی تیرۆر، تەنها ئەرکی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگرییە... وەک پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، زەمینەی تیرۆر کاتێک باشتر دەرەخسێت، کەئاسایش چاوەرێی هاوکاری هاوڵاتیان بکات و پشتیان پێببەستێت و بەپێچەوانەوە واتەهاوڵاتی هەناسەی پشوو بدات و وایدابنێت کەئیدی ئەرکەکە بەتەنها هی ئاسایشە، کەوابێت هەردوولا تەواوکەری یەکترن و دابڕینی هەر لایەک لەوی دی روداوی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە کەقوربانیانی بەرپرسانی حزبی و حکومی و هاوڵاتیانی ئاسایی دەبن، نمونەی ئەوانەش (١ی شوبات، ٤ی ئایار، ٢٠ی حوزەیران و ...هتد).

خاڵێکی دیکە پێویستە لەسەری بوەستین ئەوەیە کەتیرۆریستان جار لەدوای جار تاوانی نوێ بەشێوازی جیاواز لەوانەی پێشووتر ئەنجام دەدەن سەبارەت بەوانەی خۆکوژیەکە ئەنجام دەدەن یا ئەوانەی بۆیان رێک دەخەن یا ئەوانەی یارمەتییە لۆجیستیەکانیان دەدەن، چوون یەکە.

ئەو زەمینەیەی تیرۆریستان کاری تێدا دەکەن لەناوچەکانی ناوەراست و خواروی عێراق کەرۆژانە بەدەیان و سەدان کەس دەبنە قوربانی دەستیان جا بەکاری خۆکوژی بێت یا دەستدرێژ یا گرتن و پاشان کوشتن، زەمینەیەکی تەواو جیاوازە لەکوردستان، چونکە لەوێ خودی تیرۆریستان لەنێو هاوڵاتیانەوە هەڵقوڵاون و پێگەی زۆر باشیان هەیە، تەنانەت لەنێو ریزەکانی ئاسایش و پۆلیسدا وبەرێکخراوی لەلایەن پاشماوەکانی رژێمی بەعس و سێبەرەکانی دەوڵەتانی دراوسێوە کاردەکەن.

من ئیعجابم هەیە بەدەزگاکانی ئاسایشی کوردستان بەگشتی و ناوچەکانی سلێمانی بەتایبەتی، بۆ ئەو ئەرکە گەورەیەی لەسەر شانیانەو جێبەجێی دەکەن، حوزنێکی گەورەشم هەیە بۆ ئەو مرۆڤەی لەبەسرە دەبێتە قوربانی دەستی تیرۆر، بۆ ئەو کوردەی لەموسڵ سەر دەبڕێ و کەس لەسەری نایەتە وەڵام، ترسێکی گەورەشم هەیە ئاگری تیرۆریستان پریشک بەرەو ئێرە بهاوێت...

مێژووی سیاسی سیستەمی فیدراڵی ئەو وانە گرنگەمان پێدەڵێت، هەڵبژاردنی ئەو سیستەمە حوکمڕانییە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆو دووبەرەکی ناوچەکانی ئەمریکاوە دروست بووە، بۆیە هەقوایە هاوڵاتیان و رای گشتی و حزبەکانی ناوچەی ناوەراست و باشوری عێراق گەر لەقەناعەتیشەوە نەبێ بەفیدراڵی و دیموکراتیەتەکەی لانی کەم بۆ پاراستنی ناوچەکانیان لەتیرۆریستان لەو سیستەمە تێبگەن و ئاستەنگی بۆ دروست نەکەن، چونکە پاراستن و بەرێوەبردنی ناوچە هەرێمایەتیەکە لەسیستەمی فیدراڵی وائاسانترە لەسنورە فراوانەکانی وەک دەڵێن لەیەکپارچەیی خاکی عێراق.■

×سەرۆکی یەکێتی مافپەروەران